**کاریگەریی ستراتیژییەتی خوێندکاربوونی مەعریفی لەسەر دەستکەوت و لەیادمانەوەی بەباتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی**

**زەهرا فەرحان مەحمەد**
**أ.م.د.سەباح جەلیل خەلیل**
**Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**
**کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختەی توێژینەوەکە:**
**ئامانجی توێژینەوەکە زانینی "کاریگەری ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفییە لەسەر دەستکەوت و لەیادمانەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی" بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم گریمانە سفرییەی داناوە:**
**- گریمانەی سفری:-**
**جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە نێوان ناوەندی نمرەی دەستکەوت و لەیادمانەوە لای کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی بە ستراتیژی (خوێندکار بوونی مەعریفی) دەخوێنن و ناوەندی نمرەی دەستکەوت و لەیادمانەوە لای کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێزمانیان بە پێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن.**
**نموونەی توێژینەوەکە لە (66) خوێندکار لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی پێکهاتووە هۆبەی (ئـ) بۆ نواندنی گروپی کۆنترۆڵکراو هەڵبژاردووە، کە (33) خوێندکارە، لە کاتێکدا هۆبەی (ب) کۆمەڵەی ئەزموونی دەنوێنێت، کە (33) خوێندکارە, توێژەر تاقیکردنەوی دەستکەوتی بۆ ئامارزەکانی توێژینەوەکەی ئامادەکردووە، کە پێکهاتووە لە (30) برگە، پێکهاتووە، دەرکەوت جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نیوان نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژی خوێندکاربوونی مەعریفی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی و لەیادمانەوەی دەستکەوت پێ وتوونە.**
**کلیلی وشەکان - ستراتیژ , لەیادمانەوە, دەستکەوت , خوێندکاربوونی مەعریقی**

**أثر استراتيجية التلمذة المعرفية في التحصيل والاحتفاظ بمادة قواعد اللغة الكردية عند طالبات الصف الخامس الإعدادي**

**زهراء فرحان محمد علي**
**أ.م.د صباح جليل خليل الونداوي**
**Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**
**قسم اللغة الكردية،كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية،جامعة بغداد**

**الملخص**
هدف البحث إلى تعرف " أثر استراتيجية التلمذة المعرفية في التحصيل والاحتفاظ بمادة قواعد اللغة الكردية عند طالبات الصف الخامس الاعدادي " ولتحقيق هدف البحث وضعت الباحثة الفرضية الصفرية:
– الفرضية االصفرية:-
لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى (٠,٠٥) بين متوسط درجات تحصيل واحتفاظ طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية بـ(استراتيجية التلمذة المعرفية) ومتوسط درجات تحصيل واحتفاظ طالبات المجموعة الضابطة اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية بالطريقة الاعتيادية.
وبنحوٍ قصدي اختارت الباحثة (اعدادية مريم العذراء ع للبنات)التابعة للمديرية العامة لتربية بغداد/ الرصافة الثالثة في محافظة بغداد, وتكونت عينة البحث من (66) طالبة من طالبات الصف الخامس الاعدادي, وزعوا على مجموعتين وبطريقة التعين العشوائي, كافات الباحثة بين طالبات مجموعتي البحث في عدد من المتغيرات, أعدت الباحثة اختبارا تحصيلياً نهائيا لأداة بحثها, إذ تكون من (30) فقره من نوع الاختيار من متعدد, وبعد معالجة البيانات إحصائياً, اتضح وجود فرق ذي دلالة احصائية بين درجات طالبات

المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة ولمصلحة طالبات المجموعة التجريبية اللاتـي درسـن مـادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية التلمذة المعرفية في الاختبار التحصيلي النهائي والاحتفاظ بالتحصيل, وفي ضوء نتائج البحث اوصت الباحثة بتوصيات عدة منها: امكانية اعتماد استراتيجية التلمذة المعرفية في تدريس مادة قواعد اللغة الكردية للمرحلة الإعدادية، لما أثبتتها نتيجتـا هـذا البحـث مـن تحسـن فـي المسـتوى العلمـي والتحصيل الدراسي والاحتفاظ بالمادة عند طالبات الصف الخامس الإعدادي.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية ،التلمذة المعرفية، التحصيل، الاحتفاظ.**

## The Effect of the Cognitive Apprenticeship Strategy on the Achievement and Retention of the Kurdish Language Grammar Subject Among Fifth-Grade Secondary School Female Students

**Zahraa Farhan Muhammad**
**Prof. Dr. Sabah Jalil Khalil**
Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

## Abstract

**The research aimed to identify "the effect of the cognitive apprenticeship strategy on the achievement and retention of the Kurdish language grammar subject among female students in the fifth grade of secondary school".**

**The research sample consisted of (66) female students from the fifth year of secondary school. They were distributed into two groups, and by random assignment method, Division (A) was chosen to represent the group. The control group consisted of (33) female students, while Division (B) represented the experimental group with (33) female students.**

**The researcher prepared a final achievement test for a tool for her research, which consists of (30) multiple-choice items. after processing the data statistically, it became clear that there was a statistically significant difference between the grades of the female students of the experimental group and the control group, and for the benefit of the female students of the experimental group who studied the Kurdish grammar subject according the cognitive apprenticeship strategy in Final**

**Key word: Strategies, achievement, Cognitive Apprenticeship, etention**

### بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە:

سەختی فێربوونی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی تاکو ئێستا هەیە و سەختە، سکاڵاکردن لە سەختییەکەی بەردەوامە، دەرکەوتووە سەختی ڕێزمان لە زۆری هەڵەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییە، هەروەها لەوەدایە ناتوانن کۆنترۆڵی بونیادی وشەکە بە ڕاستی و دروستی بکەن، زۆربەیان وشەکان ئەزبەردەکەن، بەڵام شێوازیان لاوزە و دەستەواژەکانیان هەڵوشاوەیە، لەگەڵ ئەوەی ئاستی دەستکەتوو و گرنگیدانیان بە بابەتەکە نزمە، توانایان لەسەر کارپێکردنی بە ڕێزمانی زمانی کوردی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان لاوازە.
(ئەلکلابی, 2022 ,ل.٣)( Al-Kalabi , 2022,p.3) (Ali, 2017)

ژمارەیەك لە گۆنگرەی پەروەردەیی کە لە ناو عێراق بەستراون، لە ڕاسپاردەکانیان جەختیان لەسەر پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەیی کردووە، لەوانە کۆنگرەی

سێیەم کە لە کۆلێژی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی بەغدا لە 4/13 /2015 لە ژێر ناونیشانی (پەروەردە و فێرکردن کۆڵگەی بونیادنانی مرۆڤی هاوچەرخە) بەسترا، جەختی لەسەر دوو ئامانج کردووە: یەکەم: بەکارهێنانی ستراتیژییە نوێیەکان لە وانەوتنەوە، گونجاوبێت لەگەڵ پێویستییەکانی فێربوون لە سەردەمی ئێستا. دووەم: گرنگیدان بە پرۆگرامەکانی خوێندن، لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکردن. توێژینەوەی (خليل, 2015)(Khaleel,2015) توێژینەوەی (عبيد, 2020 ) (Obaid,2020) توێژینەوەی (أحمد, 2021) (Ahmed,2021)

توێژەر ڕاپرسی کراوەی داناوە، ژمارەیەك قوتابخانەی ئامادەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی روسافەی سێیەمی لەخۆگرتووە، ڕاپرسییەکەی لەسەر ژمارەیەك لە مامۆستایانی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی دابەشکردووە، بۆ مەبەستی وەستا لەسەر ڕێژەی وەڵامەکان، دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسییەکان و شیکارکردنیان ئەنجامەکە بەو شێوەیەیە:

1- 75% ی مامۆستایان جەختیان لسەر بەکارنەهێنانی ڕێگا و ستراتیژە نوێیەکان لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی کردووە.

2- 15% ی مامۆستایان جەختیان کردووە کێشەی لاوازی، سەختی خودی بابەتەکانی ڕێزمانی زمانی کوردیە.

3- 10%ی وەڵامەکان سەبارەت بە گرنگی نەدانی هەندێك لە خوێندکارانە بە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی، لە سایەی پشت نەبەستان بە ڕێگا و ستراتیژە نوێیەکان لە وانەوتنەوە و هەستکردنیان بە مەلەل لە بەرانبەر بابەتەکە, لەبەرئەوە توێژەر کێشەی توێژینەوەی ئێستای لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بەو شێوەیە دیاری کردووە:

**ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفە یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن و لە یادمانەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەدات؟**

**گرنگی توژینەوەکە:**

گرنگی ڕێزمانی کوردی لە گرنگی خودی زمانی کوردییە، زمانی کوردی بە ڕاست نانووسرێت، بە زانینی بنەڕەتی ڕێزمانەکەی نەبێت، هەرچەندە زمان گەشە بکات و فراوان بێت، پێویستی بۆ خوێندنی ڕێزمانەکەی زیاد دەکات، ڕێزمان ئامرازێکە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی قسە و ڕاست دەربڕین و نووسین، ناتوانین بە دروستی و بەدەر لە هەڵە بخوێنینەوە، هەروەها بە ڕاستی بنووسین، تەنها بە زانینی ڕێزمانی بنەڕەتی زمانی کوردی نەبێت. (الزركوشي, 2021 ,ل. ٤) (Al-Zarkoushi,2021,p.4 )

بەکارهێنانی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفە لە ناو ژووری پۆلی خوێندن، یارمەتی بەرزکردنەوە و چاکترکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران دەدات، هەروەها توانایان بۆ پرۆسە ئەقڵییەکان گەشە پێ دەدات، کە دەبەسترێتەوە بە جێبەجێکردنی مەعریفە و زیادکردنی شیاویان بۆ فێربوونی بابەتی زانستی، هەروەها لەیادمانەوە لە یادەوەری دەستەبەر دەکات، هەروەها یارمەتی مامۆستا دەدات لەسەر بەدەستهێنانی شارەزایی وانەوتنەوە، کاتێك پلانی پێشوەختە بۆ وانە دادەنێت، هاوکات بەشداری لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەلای خوێندکاران دەکات. (ابو هدرة, 2008، ل. 136) (Abu Hadra,2008,p.136)

دەستکەوت پێودانگی بنەڕەتییە، دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەنجامی خوێندکار و پرۆسەی وانەوتنەوە بە سەرەکەوتوو یان شکست بکات، لە ماوەی بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردە یان بەدینەهێنانی (السلخي, 2013، ل. 25)، (Al-Salkhi,2013,p.25)هەروەها مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگای دەستکەوت بڕیاری بابەتی سەبارەت بە ڕادەی سەرکەوتنی ڕێگای وانەوتنەوە دەربکات، کە بۆ ڕێکخستن و ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکردن بەکاریدەهێنێت، هەروەها لایەنی ئەرێنی لە ئەدای خوێندکاران دیاری بکات، مامۆستا کار لەسەر پاڵپشتیکردن و دەستنیشانکردنی لایەنە لاوازەکانی خوێندکارن دەکات، هەروەها کار لەسەر چارەسەرکردنیان دەکات. (ابو جادو, 2012، ل. 41)(Abo Jado,2012,p.41) .

لەیادمانەوە گرنگترین ئامانجی پەروەردەیە، جەخت لە ڕوودانی فێربوون دەکات، پرۆسەی فێربوونی کارا، کار لەسەر پەرەپێدانی ڕێگا و لەیادمانەوە زانیارییەکان لەلای خوێندکاران و ڕێکخستنیان و لەیادمانەوە لە یادەوەری و گێرانەوەیان و سوودبینین لێیان لە هەڵوێستەکانی ژیانی زانستی لە کاتی گونجاو دەکات. (ابو شعيرة واخرون, 2007، ل. 301) (Abu Shaira et al,2007,p.301)

توێژەر قۆناغی ئامادەیی بۆ توێژینەوەی ئێستای هەڵبژاردووە، ئەو قۆناغە بە گرنگترین قۆناغی خوێندن دادەنرێت، لەبەرئەوەی ڕۆڵی گرنگی لە پێگەیاندنی کەسایەتی خوێندکاران و پێگیشتنیان لە تەمەنی هەرزەکاری هەیە، ئەو قۆناغە گەشە بە توانا و ئاراستە و بەهایان دەدات، بۆئەوەی کەسایەتییان پێکهاتەیەکی چاڵوزی جێگیری ڕێژەیی هەبێت، هەروەها بۆ قۆناغی زانکۆ ئامادەیان بکات. (الحمداني, 2006، ل. 16) (Al-Hamdani, 2006,p.16)

**لەسەر بنەمای ئەوەی خستمانەڕوو، گرنگی توێژینەوەی ئێستا لەمانە بەجەستە دەبێت:**

- گرنگی زمانی کوردی، یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی قسەی پێ دەکرێت، لە عێراق لە دوای زمانی عەرەبی زمانی دووەمە.
- گرنگی خوێندکار بوونی مەعریفە، ستراتیژێکی نوێیە و دەتوانێت لە ڕێگایەوە خوێندنی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لە دەروونی خوێندکاران خۆشەویست بکات، هەروەها کار لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەیان بکات.
- گرنگی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفە لە فێرکردنی ڕێزمانی زمانی کوردی و فێربوونی، لەبەرئەوەی وادەکات خوێندکاران کارلێکبکەن و بەشداری بکەن و لە کاتی تێکەڵبوون بە چالاکییەکانی فێرکردن بەئاگابن، هەروەها بەکاری بهێنن.
- گرنگی ڕێزمانی زمانی کوردی، کار لەسەر بەهێزکردنی زمانی خوێندکاران دەکات، هەروەها لەسەر وردی داڕشتنی ڕستە و پێکهێنانی بە دروستی ڕادەهێنێت، هەروەها لەسەر بەکارهێنانی وشەکان بە ڕاستی ڕادەهێنێت.
- گرنگی قۆناغی ئامادەیی لەسەر ئەو بنەمایەی قۆناغی ئامادەکردن و شیاندنی خوێندکارانە بۆ قۆناغی زانکۆیی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا بۆ زانینی: کاریگەری ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفەیە لە دەستکەوت لەیادمانەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییە.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە:**
توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە دوو گریمانەی سفری داناوە:
1- گریمانەی یەکەم:-
جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە نێوان ناوەندی نمرەی دەستەکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بەپێی (ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی) پێ وتوونە، هەروەها ناوەندی نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بە ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە.
2- گریمانەی دووەم:-
جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە نێوان ناوەندی نمرەی لەیادمانەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بەپێی (ستراتیجی خوێندکار بوونی مەعریفی) پێ وتوونەوە، هەروەها ناوەندی نمرەی دەستکەوتی لەیادمانەوەی ڕێزمانی زمانی کوردی لای خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بەپێی ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە.
**پێنجەم: سنوری توێژینەوە:- توێژینەوەی ئێستا بەمانە دیاری دەکرێت:**
1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغدا ڕوسافەی سێیەم.
2- نموونەیەك لە قوتابخانەکانی ئامادەیی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغدا ڕوسافەی سێیەم.
3- نموونەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی هەڵبژێردراو بەمەبەست (ئامادەیی مریم العذراء (ع) بۆ کچان).
4- ژمارەی بابەتەکانی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بڕیاردارو بۆ ویتنەوەی لە ماوەی وەرزی خوێندنی یەکەم لە ساڵی خوێندنی (2021 - 2022)، بابەتەکان ئەمانەن:**(جێناوەکانی کەسی سەربەخۆ و لکاو، ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناو لە ڕووی ناسینەوە، کاری ڕابردوو، کاری ڕانەبردوو، کاری داخوازی).**
**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**
**یەکەم: ستراتیژ: Strategy**
- **الحيلة (2002)** بریتییە لە: "کۆمەڵێك ڕێکای وانەوتنەوەی پلان بۆ دانراوی پێشوەختە، بۆ جێبەجێکردنی وانەوتنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو بەپێی توانای ڕەخسارو" (الحيلة, 2002، ل. 52) (Al-Hila,2002, p.52)
**دووەم: خوێندکار بوونی مەعریفی: Congitive Apprenticeship**
- **أحمد (2014)** بریتییە لە: " ستراتیژی پشت بە پەیڕەوکردن و ئەداکردن دەبەستێت، وەکو پیشەگەرەکان یان میکانیکییەکان، پشت بە هەمان بیرۆکەی لاساییکردنەوە دەبەستێت، خوێندکار لە ڕێگایەوە و لە ڕێگای یارمەتی و ڕێنمایی لەلایەن مامۆستا فێردەبێت" (أحمد, 2014، ل. 6) (Ahmed, 2014, p.6)
**سێیەم: دەستکەوت Achievement**
- **جبر (2007)** بریتییە لە: "گەیشتن بە ئاستی دیاریکراو لە توانایی لە خوێندن و دیاریکراوی، بە تاقیکردنەوەی پرواپێکراو" (جبر، 2007، ل. 7) (Jabr, 2007, p.7)

**چوارەم: لەیادمانەوە:-**

- **أبو فلجة (1996)** بریتییە لە: " ڕادەی توانای خوێندکار لەسەر لەیادمانەوەی چەمکە زانستییەکانی خوێندن، دوای ماوەیەکی دیاریکراو لە خوێندنی، بە هۆی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پێشوو پێوراوە" (أبو فلجة, 1996، ل. 30) (Abu Falja, 1996, p.30)

**پێنجەم: ڕێزمان لە ڕووی زاراوەیی:**

- **البجة (2000)** بریتییە لە: "کۆمەڵێك یاسا و پرنسیپی زمانەوانی، بە سیمایەك لە سیماکانی زمان دادەنرێت، هەروەها بەڵگەیە لەسەر شارستانیەتی و گەیشتنی بە قۆناغی پێگەیشتن و تەواوبوونی" (البجة, 2000، ل. 497) (Al-Baja, 2000, p.497)

**بەشی دووەم: تەوە ری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:**

**ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی**

**١)- تایبەتمەندییەکانی خوێندکار بوونی مەعریفی:**

1- هەموو ئەوەی بە خوێندکار دەدەرێت، ئەرکی جێبەجێکردنن بە شێوەی فێرکردنی هەرەوەزی.

2- ئەو ئەرکانەی بە خوێندکاران دەدەرێت، لە ڕێگای بەستنەوەی بە جیهانی ڕاستەقینە پاڵنەرییە بۆیان.

3- پێویستە کارکردن لە چوارچێوەی ئەرکی ڕاستەقینە بێت، کە ئەو ئامانجە دەنوێنێت مەبەستە بەدیبهێنرێت.

5- ئەرکەکان پاڵنەرین بۆ خوێندکاران، لە ڕێگای بەهاکەی کە بەستراوەتەوە بە جیهانی واقیعی. (Brill, Kim,Galloway,2001,p.91)

**٢)- بنەمای ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی:**

1- ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی بەشداری لە گواستنەوەی خوێندکار لە قۆناغی تێگەیشتن بۆ قۆناغی دیکە دەکات، بریتییە لە جێبەجێکردنی هەڵوێستی دیکە.

2- تیۆری کۆنترۆڵکردن و سەروەربوونی خوێندکار لەسەر پرۆسەی فێرکردن.

3- بە شێوەیەکی فراوان گرنگی بە ڕاهێنان و لایەنی زانستی دەدات، کە کار لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی مەعریفی و ئەقڵی دەکات.

4- بە شێوەیەکی فراوان کار لەسەر ژینگەی فێربوونی کارا دەکات.

5- ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی جەخت دەکاتە سەر ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر لایەنی کارامەیی و پەیڕەوکردنی کارەکان بە دەستەکانی. (Brill, Kim, Galloway, 2001, p.91)

**4- هەنگاوەکانی خوێندکار بوونی مەعریفی:**

لە ڕێگای زانیارییەکانی توێژەر لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو، کە هەنگاوەکانی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفییان وەرگرتووە، بینی جیاوازی لە نێوان توێژینەوەکان هەیە، لە توێژینەوەی (ذوقان, 2012) کە "نموونە - ڕێکخستن- ڕامان – شرۆڤەکردن – ڕاهێنان" وەرگرتووە، هەروەها توێژینەوەی (ججحیح, 2015) کە "نموونە - ڕێکخستن – شرۆڤەکردن - ڕاهێنان – ڕامان – گوزارشتکردن – دۆزینەوە" وەرگرتووە.

لەسەر بنەمای ئەم ڕوونکردنەوە، توێژەر ستراتیژی فێرکردنی بونیادنراوی بەپێی شیاوی خوێندکار بوونی مەعریفی تەبەینی کردووە، ئەو ستراتیژیانە نموونە - ڕکخستن – ڕاهێنان – ڕامان – گوزارشتکردن – دۆزینەوە دەگرێتەوە، توێژەر پوختەی کردووە:

**1- نموونە (Modeling)**

بریتییە لە هەنگاوی یەکەم، کە مامۆستای زمانی کوردی دەست دەکات بە ڕوونکردنەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە، لەو هەنگاوە پرۆسەکان و ستراتیژییەکان و نموونەی ئەرکەکان بۆ شرۆڤەکردنی هۆکاری ڕوودانی دیاریدەیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو، هەروەها بۆ ناونانی بابەتە بەکارهاتووەکان لە کارکردن، بە هۆی هەڵبژاردنیان، لەبەرئەوەی گرنگی چارەسەرکردنی کێشەیەك و جێبەجێکردنی ئەرکەکە لەبەردەم خوێندکارن، پێویستە لەسەر توێژەر جێبەجێکردنی کرداری بۆ ئەداکردنەکە بدات.

**2- ڕێکخستن (Scaffolding)**

لەو هەنگاوەدا مامۆستای زمانی کوردی کۆمەڵێك پرسیار دەخاتەڕوو، داوا لە خوێندکاران دەکات وەڵامیان بدەنەوە، مامۆستا لە کاتی پێویست یارمەتی پێشکەشی خوێندکاران دەکات (یارمەتی کاتی) بە مەبەستی ئەوەی خوێندکارام کارامەیی و توانا بەدەست بهێنن، هەروەها بتوانن ئەرکەکان بە شێوەی تاکەکەسی ئەنجام بدەن، بەو ناوە ناونراوە، لەبەرئەوەی پاڵپشتی تیایادا کاتییە. ( Johnson، 1992، p.88)

**3- ڕاهێنان (Coaching)**

مامۆستا چاودێری ئەدای خوێندکاران لە جێبەجێکردنی ئەرکی فێرکردن دەکات، بۆ ڕێگریکردن لە دوورکەوتنەوە و دەرچوون لە ئەرکە و پاڵپشتیکردنیان لە کاتی پێویست، هەروەها تۆمارکردنی تێبینییەکانیان و هەڵسەنگاندنی حاڵەتی مەعریفی.

**4- ڕامان (Reflection)**


لەو قۆناغەدا ڕامان لەو هەنگاوانە دەکرێت، کە مامۆستا پەیڕەوی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی فێرکردن و شیکارکردنی ئەداکان لەبەر ڕۆشنایی نموونەی پرۆسەکان و پێداچوونەوە بە کۆششەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی فێرکردن لە ڕێگای بەراوردکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان کە مامۆستا هەیەتی.

**5- گوزارشتکردن (Articulation)**

لەو قۆناغەدا خوێندکار دەستدەکات بە خستنەڕووی ئەنجامی مەعریفەی پێی گەیشتوون یان نووسینی دەستی لە ڕێگای گفتوگۆ یان ڕوونکردنەوە بە شێوەی زارەکی یان نووسینی دەستی لە ڕێگای گفوگۆ یان ڕوونکردنەوە.

**6- دۆزینەوە (Exploration)**

ئەوە کۆتا قۆناغە لە هەنگاوەکانی سترتیژیەکە، کە لە ڕێگای هاندانی خوێندکارەکان لەسەر دانانی گریمانە بۆ تاقیکردنە مامۆستا دەگات بە وەڵامی ڕاست، هەروەها گەڕان بەدوای بیرۆکە و دید و بۆچوونی جیاواز و هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست بۆ گەیشتن بە بنەمای کۆتایی، کە خوێندکارەکان دۆزیویانەتەوە، شێوەی (4) هەنگاوەکانی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی ڕوون دەکاتەوە.




**شێوەی (4) هەنگاوەکانی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی**

**ڕۆڵی خوێندکار لە ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی**

1- خوێندکار تەوەری پرۆسەی فێربوونە.

2- خوێندکار ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، وەکو تێبینیکردن و بینین و بیستن لە قۆناغی (نموونەیی).

3- خوێندکار دەستدەکات بە جێبەجێکردنی ئەرکی فێرکردن و کارکردن لە چوارچێوەی گرووپ لە قۆناغی (ڕکخستن).

4- خوێندکار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەڵدەستێت بە گەڕان و پشکنینی زانیارییەکان، لە سەرچاوە جیاوازەکانی فێربوون، بۆ بەدەیهێنانی ئامانجەکانی فێربوونی دیاریکراو، لە ڕێگای بەشداربوونی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مامۆستا، یان لەگەڵ هاوڕێکانی لە قۆناغی (ڕاهێنان).

7- خوێندکار هەوڵی گشتاندنی ئەو ئەنجامانە دەدات، لە هەڵوێستە نوێیەکای فێرکردن لە قۆناغی (دۆزینەوە) پێیان گەیشتووە. (السعدي ، ٢٠١٥ ، ل. ٦٠ – ٦١)   (Al-Saadi, 2015, p.60-61)

**بەشی دووەم: تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو (Previous studies)**

**یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

**ئـ - توێژینەوە عەرەبییەکان:**

1- توێژینەوەی ابو هدرة   (2008)

2- توێژینەوەی ذوقان   (2012)

**خشتەی(١)**

**خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ناوی توێژەر | ئامانجی توێژینەوە | شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە | ڕەگەزی توێژینەوە | ئاستی زانستی | بابەتی توێژینەوە | قەبارەی توێژینەوە | ئامرازی نموونە | گرنگترین ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ابو هدرة 2008 | کاریگەری شێوازی وانەوتنەوە دانراو لەسەر خوێندکار بوونی مەعریفی لە وتنەوەی زانست بە خوێندکارازی قۆناغی بنەڕەتی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و توانا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان | ئوردن | نێر و مێ | سەرەتایی | بابەتی زانست | (١٤١) خوێندکار | پێوانەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پێوانەی توانا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی | جیاکردنەوەی نێر لە مێ لە بەدەستهێنانی توانا لەسەر چارەسەرکردنی کشەکانیان لە وانەوتنەوە بە شێوازی خوێندکار بوونی مەعریفی |
| ذوقان ٢٠١٢ | کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی خوێندکار بوونی مەعریفی لە وتنەوەی زانست لە دەستکەوتی خوێندکاری پۆلی دەیەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستییان | فەلەستین | نێر و مێ | قۆناغی ناوەندی | زانست | ١٤٩ خوێندکار | توێژەر ڕێبەرێکی بۆ مامۆستا و تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوانەی بۆ بیرکردنەوەی زانستی ئامادەکردووە | گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بینی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی و لە پێوەری بیرکردنەوەی زانستی لە جێبەجێکردنی کۆتایی هەیە، ئەوە لە |

| بەرژەوەندی ئەزموونییە. | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

**بەشی سێیەم: ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی**

ئەم بەشە دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە و کۆمەڵگەکەی و هەڵبژاردنی نموونەکەی و ڕێکارەکانی ئامادەکردنی ئامرازەکانی لەخۆدەگرێت، هەروەها ئاماژەکردن بە ئامرازە ئامارییەکانی لەو توێژینەوەیە بەکارهاتوون،چی لە ڕێکارەکانی یان لە شیکارکردنی ئەنجامەکانی بێت.

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی ڕێبازی ئەزموونی پەیڕەوکردووە، لەبەرئەوەی گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوە و گەیشتن بە ئەنجام، هەروەها ڕێبازی ئەزموونی یارمەتی توێژەرە دەدات لە دەستکەوتنی وەڵام بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە و سەروەربوون بەسەر لایەنەکانی ئەزموونەکە و گۆڕاوە ناوخۆییەکان. (عبد الرحمن والصافي ، ٢٠٠٥، ل. ١٢٢)( Abdul Rahman and Al-Safi, 2005, p.122 )

**دووەم: نەخشەی ئەزموونی (Experimental Design)**

توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی بەستووە کە گونجاوە بۆ بارودۆخی توێژینەوەی ئێستا، نەخشەکە بەو شێوەیە لە شێوەی (5) هاتووە:-

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | ئامرازی تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی | دەستکەوت – لەیادمانەوە | دەستکەوت و لەیادمانەوە |
| کۆنترۆڵکردن | ڕێگای ئاسایی | | |

**شێوەی (5) نەخشەی ئەزموونی بۆ توێژینەوە**

**کۆمەڵگەی خوێندکاران و نموونەکەی:-**

دوای ئەوەی توێژەر ئەو خوێندنگەیەی دیاریکرد، کە ئەزموونەکەی تیادا جێبەجێ دەکات، بەپێی نووسراوی ئاسانکاری ئەرکەکە سەردانی خوێندنگەکەی کرد، کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغدا ڕوسافەی سێیەم دەرچووە، پاشکۆی (2)، بینی ئامادەییەکە دوو هۆبە لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەخۆدەگرێت، هۆبەکانی (ئـ - ب)، ژمارەی خوێندکارانی (76) خوێندکارە، بە ڕێگای ڕاکێشانی هەڕەمەکی هۆبەی (ئـ) هەڵبژاردووە بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بەپێی (ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی) دەخوێنن، لە کاتێکدا هۆبەی (ب) هەڵبژاردووە بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بە ڕێگای (ئاسایی) دەخوێنن، ژمارەی خوێندکارانی هەردوو هۆبەکە گەیشتووە بە (76) خوێندکار، بە شێوەیەك (38) خوێندکار لە هەر هۆبەیەك، دوای دوورخستنەوەی خوێندکارە کەوتووەکان، کە ژمارەیان لە هەر هۆبەیەك گەیشتووە بە پێنج خوێندکار، ژمارەی کۆتایی تاکەکانی نموونەکە بووە بە (66) خوێندکار، (33) خوێندکار بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی، (33) خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، هۆکاری دوورخستنەوەی خوێندکارانی کەوتوو، لەبەرئەوەیە مەعریفەی

پێشوویان لەو بابەتانە هەیە لە کاتی ئەزموونەکە دەیخوێنن، ئەو شارەزاییەیان کاریگەری لە وردی ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت، لەبەرئەوەی لە پێشدا هەمان ئەو بابەتانەیان لە ساڵی پێشوو خوێندووە، ئەوش کاریگەری لە دروستی و سەلامەتی ناوخۆیی ئەزموونەکە دەبێت، لەبەر ئەو زانیاریانە توێژەر تەنها خوێندکارە کەوتووەکانی لە ئەنجامەکە دوورخستووەتەوە، بەڵام لە ناوی هۆلی هێشتوونەتەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی خوێندنگە، خشتەی (3) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (3)**

**ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو پێش دوورخستنەوە و دوای دوورخستنەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە | دوورخراوەکان | ژمارەی خوێندکارەکان دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ئـ | 38 | 5 | 33 |
| کۆنترۆلکراو | ب | 38 | 5 | 33 |
| کۆی | | 76 | 10 | 66 |

چوارەم: یەکسانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە:

توێژەر پێش دەستکردن بە وانەوتنەوەی کرداری جەختی لەسەر یەکسانی ئاماری خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە هەندێك گۆڕاو کردووە، کە باوەڕی وایە کاریگەریان لە دروستی و سەلامەتی ئەزموونەکە و وردی ئەنجامەکەی دەبێت، گۆڕاوەکان بەوشێوەیە:

1- ئاستی زیرەکی.

2- تەمەنی کاتی خوێندکارانی هەژمارکراو بە مانگ.

**1- ئاستی زیرەکی:-**

توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی ڕاڤین (Raven) بۆ زیرەکی بەستووە، لە بنەماوە ئەم تاقیکردنەوە لەسەر ژینگەی عێراقی ئەنجامدراوە (الدباغ وآخرون ، ١٩٨٣،ل. ٦٠) (Al-Dabbagh et ah, 1983, p.60) بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکسانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە، توێژەر فۆرمی تایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی تایبەتمەندییەکان ئامادەکردووە، هەروەها دابەشی کردووە لە نێوان خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، پێکهاتووە لە شەست پرسیار و شەست خولەکی خایاندووە، هەر پرسیارێکی لەسەر یەك نمرە ڕاست و هەڵەکردووە، ناوەندی هەژمارکردن بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (32،090) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی هەژماری کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (32،484) نمرە، پاشکۆی (2)، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (t-test) بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان هەردوو کۆمەڵە، دەرکەوتووە جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (0،05) لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەدا نییە، ئەگەر بەهای تائی هەژمارکراو (0،146) بێت، ئەوە بچووکترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (2.000) بە نمرەی ئازادی (64)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە یەکسانن لەو گۆڕاوە، خشتەی (4) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (4)**

**ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و جیاکاری و بەهای تائی هەژمارکراو و خشتەیی بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە نمرەی زیرەکی**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاکاری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 33 | 32.090 | 11.142 | 124.144 | 64 | 0.146 | 2.000 | بێ بەڵگەی ئاماری لە ئاستی 0.05 |
| کۆنترۆڵکراو | 33 | 32.484 | 10.814 | 116.945 | | | | |

**2- تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ:-**

ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (221.878) مانگ، ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (219.363) مانگ، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری، دەردەکەوێت جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0.05) نییە، بە نمرەی ئازادی (64). ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئاماری یەکسانن لە تەمەنی کاتی، خشتەی (5) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (5)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ تەمەنی کاتیخوێندکارانی کۆمەڵەی توێژینەوەی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاکاری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەی لە ئاستی 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 33 | 221.878 | 12.461 | 155.297 | 64 | 0.711 | 2.000 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 33 | 219.363 | 16.058 | 257.863 | | | | |

**ئـ- داڕشتنی ئامانجەکان:**

توێژەر بۆ بابەتی بڕیاردراو پشتی بە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری بەستووە، بۆ تاقیکردنەوە لەسەر سێ ئاست بۆ پۆلێنکردنی بلوم (Bloom) لە بواری مەعریفی، بریتین لە (بەیادهاتنەوە و تێگەیشتن و جێبەجێکردن)، توێژەر (59) ئامانجی ڕەفتاری بۆ ئەو بابەتانە داڕشتووە، کە ماوەی ئەزموونەکە بە داڕشتنی سەرەتایی دەیڵێتەوە، بە پشت بەستان بە سەرچاوە و ئەدەبیات لە وانەتنەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی و ڕێگای وتنەوەی،

ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە دارشتنی سەرەتایی لە هەر بوارێك بەو شێوەیە بووە: بە شێوەیەك (23) ئامانج لە ئاستی بەیادهاتنەوە، (19) ئامانج لە ئستی تێگەیشتن، (17) ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن.

خشتەی (11)

ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە شێوەی کۆتایی بۆ بابەتەکانی بابەتی ڕێزمان

| ز | بابەت | ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | لەیادهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | |
| 1 | وانەی یەکەم جێناوە کەسییە کان (سەربەخۆکان – لکاوە کان ) | 4 | 2 | 1 | 7 |
| 2 | وانەی دووە م ( ناو لە ڕووی ژمارەوە) | 4 | 6 | 3 | 13 |
| 3 | وانەی سێیەم ( ناو لە ڕووی ناسینەوە) | 3 | 4 | 4 | 11 |
| 4 | وانەی چوارەم ( دەمەکانی کار /کاری ڕابوردوو) | 5 | 3 | 2 | 10 |
| 5 | وانەی بینجە م (کاری ڕانەبوردوو) | 4 | 2 | 5 | 11 |
| 6 | وانەی شەشەم (کاری داخوازی) | 3 | 2 | 2 | 7 |
| | کۆی | 23 | 19 | 17 | 59 |

**3- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

مەبەست لە پلانی وانەوتنەوە، بۆچوونی پێشوەختەیە بۆ هەڵوێستەکان و ڕێکارەکانی وانەوتنەوە، کە مامۆستا و خوێندکارەکانی دەتوانن ئامانجی فێرکردنی دیاریکراوی پێ بەدیبهێنن، ئەم پرۆسەیە ئامانجەکان و هەڵبژاردنی ڕێگاکان لەخۆدەگرێت، کە یارمەتی بەدیهێنانی دەدات (جامل ، ٢٠٠٢ ، ل. ٢٣) (Jamel, 2002, p.23)،

لەبەرئەوەی ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بە یەکێك لە پێداویستییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دادەنرێت، توێژەر پلانی وانەوتنەوەی بۆ ئەو بابەتانە ئامادەکردووە، کە لە ئەزموونەکە دەیانڵێتەوە، بابەتەکان شەش بابەتن لە کتێبی بابەتی (زمان و ئەدەبی کوردی) بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە بە پێی ستراتیژی (خوێندکار بوونی مەعریفی) کە تایبەتە بە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، هەروەها بە پێی ڕێگای ئاسایی، تایبەتە بە خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو،

**4- دارشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:-**

کۆی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت گەیشتووە بە (30) بڕگە، لەوانە (26) بڕگەی تاقیکردنەوە لە جۆری تاقیکردنەوەی بابەتییە (تەواوکاری، تاقیکردنەوە لە فرە وەڵام و ڕاست و هەڵە)، (4) بڕگەی تاقیکردنەوە لە جۆری تاقیکردنەوەی (وتاریە) وەڵام کورتە.

**5- ڕیزبەندی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:-**

توێژەران لە ڕیزبەندکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە پشتیان بە چەندین ڕێگا بەستووە، هەندێکیان بە پێی شێوە ڕێزبەندیان کردووە، هەندێکی دیکەیان بەپێی ناوەرۆك و هەندێکی دیکەیان بەپێی سەختی یان بەپێی ئاستی ئەقڵیی خوێندکاران ڕیزبەندیان کردووە (ملحم، ٢٠٠٠، ل. ٢٢٤) (Melhem, 2000, p.224) توێژەر پشتی بەو ڕیزبەندیەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بەستووە، کە بەپێی شێوە ئامادەکراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندکردنیان

بەپێی(سێ) پۆلینی بلوم (Bloom) لە بەیادهاتنەوە دەست پێ دەکات، بە جێبەجێکردن کۆتایی دێت، بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بەو شێوەیەی خوارەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە:
ئـ - تاقیکردنەوەی بابەتی: تاقیکردنەوەی تەواوکاری تاقیکردنەوە لە فرە وەڵام، تاقیکردنەوەی ڕاست و هەڵە.
ب- تاقیکردنەوەی وتاری: وەڵامی کورت.
6- ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:-

**ئـ ڕاستگۆیی دیاردەیی:-**

توێژەر جەختی لەسەر پشت بەستانی ڕێژەی (80%) لە ڕێکەوتنی دید و بۆچوونی نێوان داوەران کردووە، سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان وەکو نزمترن ئاست، بۆ پەسند کردنی بڕگەکان لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوەیە، هیچ بڕگەیەکی لانەداوە، بەڵکو هەندێگ لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی هەمواركردەوە، کە ڕێژەی ڕێکەوتنی (80%) دید و بۆچوونەکانی بەدەست نەهێنابوو، بەوشێوەیە توێر توانی ڕاستگۆیی دیاردەیی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە و گونجاویان جێگیر بکات.

**ب- ڕاستگۆیی ناوەرۆك:-**

توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەبەر ڕۆشنایی خشتەی تایبەتمەندییەکان ئامادەکردووە (نەخشەی تاقیکردنەوە) کە بۆ ئەو مەبەستە نەخشەی کیشراوە، لەگەڵ تاقیکردنەوەی دەستکەوت خستووتییە بەردەستی شارەزایان و داوەران، بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستگۆییەکەی پاشکۆی (8)، بەوشێوەیە تاقیکردنەوەکە ئامادەی جێبەجیکردن بوو لەسەر نموونەی سەرەتایی، بۆئەوەی توێژەر شیکاری ئاماری بڕگەکانی بکات، هەروەها ڕاستگۆیی ناوەرۆکی جێگیر بکات، هەروەها ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی لە ڕووی پلەی سەختی هەر بڕگەیەك و نمرەی جیاکاری جێگیر بکات.

**7- ئەزموونی سەرەتایی بۆ تاقیکردنەوە:-**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی جێبەجێکردووە، لەسەر نموونەی سەرەتایی هاوشێوەی نموونەی ئەزموونەکە، ئەوان خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی پۆلی پێنجەمی ئامادەییە، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 17/11/ 2022، لەگەڵ جێگیرکردنی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوە و ئاستی سەختی و هێزی جیاکاری و ئەو کاتەی وەڵامدانەوەی دەیخایەنێت، توێژەر نموونەیەك لە خوێندکارنانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی هەڵبژاردووە، لە خوێندنگای (مریم العذراء ع) پێکهاتووە لە (100) خوێندکار بۆئەوەی هاوشێوەی نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە بێت، کە هەمان تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکەی تیادایە، دوای ئەوەی توێژەر دڵنیابووە لە تەواوکردنی بابەتەکانی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی، کە پێش کاتی دیاریکراوی جێبەجیکردنی تاقیکردنەوەکە هەموویان ئەزموونکراون، دەرکەوتووە کاتی خایاندنی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لە نێوان (40 – 60خولەکە) لە ڕێگای دیاریکردنی ناوەندی کاتی خایاندن خێراترین وەڵامدەرەوە و هێواشترین وەڵامدەرەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە هەژمارکراوە، هەژمارکردنی ناوەندی کات بە بەکارهێنانی ئەو هاوکێشەیە بووە:

کاتی تاقیکردنەوە= $\frac{60+40}{2} = \frac{100}{2} = 50$ خولەك

**8- شیکاری ئاماری بۆ برەگەکانی تاقیکردنەوە:**

توێژەر شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی سەرەتایی ئەنجامداوە، دوای ڕاست و هەڵەکردنی وەڵامی خوێندکاران، نمرەکانی لە بەرزەوە بۆ نزم ڕیزبەندکرد، دوای ئەوە 27% لە وەڵامە باڵاکان و 27% لە وەڵامە نزمەکانی وەرگرت، لەسەر ئەو بنەمایەی چاکترین ڕێژەیە بۆ هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کۆمەڵە جیاوازەکە، لە کۆی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، هەڵبژاردنی ئەو ڕێژەیە لە دابەشکردن، لەسەر ئەو بنەمایەیە دوو کۆمەڵەی سەرکێشن بە مەرجی یەکسانی دابەشکردن ژمارەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە نموونەی سەرەتایی گەیشتووە بە (100) خوێندکار، کە (54) خوێندکار لە هەردوو کۆمەڵەی باڵا و نزمە، لە خوارەوە ڕێکارەکانی شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوونکراوەتەوە:-

**ئـ- ئاستی سەختی بڕگەکان:**

شرۆڤەکردنی نمرەی سەختی، هەرچەندە ئەو ڕێژەیە باڵا بێت، بەڵگەیە لەسەر ئاسانی بڕگەکان، هەرچەندە نزم بێت، بەڵگەیە لەسەر سەختییان،(أبو صالح،2000،ل.٢١٣) (Abu Saleh, 2000, p.213) واتای ئەوەیە هەرچەندە هەڵگرتی سەختی سەخت زیاج بێت، بڕگەکان ئاسانترن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، توێژەر دوای ئەوەی هاوکێشەی سەختی هەر بڕگەیەکی لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە هەژمارکرد، بینی لە نێوان (0.35) و (0.66)، بلوم وایدەبینیت، بڕگەکانی تاقیکردنەوە بە پەسند دادەنرێن، ئەگەر ڕادەی سەختی لە نێوان (0.20 -0.80) ( Bloom & thers,1971p.60). واتای ئەوەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوە هەموویان بە پەسند و گونجاو بۆ جێبەجێکردن دادەنرێن.

**ب- هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکان:**

توێژەر هێزی جیاکاری بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە هەژمارکرد، بینی لە نێوان (0.32) و (0.60) ئەوە واتای ئەوەیە هەموو برەگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت نایابن، کە براون (Brown) ڕوونی دەکاتەوە، ئەو بڕگانەی توانای هێزی جیاکاریان (0.20) بە بڕگەی باشتر و پەسند تر دادەنرێن (Brown, 1981, P. 104)، هەرچەندە هێزی جیاکاری بڕگەکان بەرزتر بێت، بڕگەکە چاکترە، لەبەرئەوە توێژەر لەسەر هەموو بڕگەکان بەبێ سڕینەوە یان هەموارکردنەوە مایەوە.

**بەشی چوارەم:**

**خستنەڕووی هەردوو ئەنجامەکە و شرۆڤەکردنیان:**

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامی دەستکەوت:-**

دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەسەر کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، هەروەها دوای شیکارکردنی ئەنجامەکە، دەرکەوت ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتوە بە (19،242)، ئەوانەی وانەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە بەکارهێنانی (ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی) پێ وتوونە، هەروەها ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (14،242) کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە، پاشکۆی (13)، هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە، دەرکەوت جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە

ئاستی بەڵگەی (0.05) بە نمرەی ئازارد (64) لە بەرژەوەندی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە، ئەگەر بەهای تائی هەژمارکراو (4،717) گەورەتر بێت لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (2،000)، بەوشێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکات، کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە (ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی) نییە، هەروەها ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە، خشتەی (14) ئەوە روون دەکاتەوە.

**خشتەی (14)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 33 | 19.424 | 4.630 | 21.439 | 64 | 4.717 | 2.000 | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی 0.05 |
| کۆنترۆڵکراو | 33 | 14.242 | 4.286 | 18.376 | | | | |

**دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی لەیادمانەوە:**

دوای دووبارە جێبەجێکردنەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بۆ پێوانی لەیادمانەوەی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە، چارەسەری داتا ئامارییەکانی کرد، ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (19.272)، هەروەها ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو گەیشتە (15.393) پاشکۆی (14)، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە، دەرکەوت جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0.05) هەیە، ئەگەر بەهای تائی هەژمارکراو (3.254) گەورەتر بێت لە بەهای تائی خشتەیی گەیشتووە بە (2.000)، بە نمرەی ئازادی (64)، بەو شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی شوێنگرەوە پەسند دەکات، کە جەخت دەکات لەوەی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەی لەیادمانەوە بە دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە پێی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی پێی وتوونە، هەروەها ناوەندی نمرەی لەیادمانەوە بە دەستکەوتی لای خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بە ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییە، خشتەی (15) ئەو ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (15)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی لەیادمانەوە**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 33 | 19.272 | 5.069 | 25.694 | 64 | 3.254 | 2.000 | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی 0.05 |
| کۆنترۆڵکراو | 33 | 15.393 | 4.602 | 21.178 | | | | |

**سێیەم: شرۆڤەکردنی هەردوو ئەنجامەکە:**

ئەنجامی توێژینەوەکە سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی دەرخست، کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیمان بەپێی (ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی) پێ وتوونە لە (دەستکەوت و لەیادمانەوە) بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە هەمان بابەتمان بە ڕێگای کلاسیکی پێ وتوونە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانە:

- ستراتیژی (خوێندکار بوونی مەعریفی) یەکێکە لە ستراتیژەکانی وانەوتنەوەی نوێ، کە هۆکاری کارلێککردنی خووێندکارانە لەگەڵ وانەکان و زیادبوونی چالاکییان، کە کاریگەری لە دەستکەوتیان و لەیادمانەوەیان هەیە.
- ستراتیژی (خووێندکار بوونی مەعریفی) واتای خوێندکارێك ڕۆڵی خۆی ڕەتناکاتەوە، هەروەها بە مامۆستا و ڕێگای وانەوتنەوەی و ڕەگەزەکانی پرۆگرام بەپێی شەش کارامەیی بیرکردنەوە (پرسیارکردن، بەراوردکردن، لەدایکبوونی ئەگەر و پێشبینیکردن، چارەسەرکردنی کێشە و بڕیاردان)، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەنجامی فێرکردنی باش لای خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی.

**چوارەم: دەرئەنجامەکان:**

- بەکارهێنانی ستراتیژە خوێندکار بوونی مەعریفی لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، کارایی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و لەیادمانەوە لای خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی جێگیر کردووە، بەراورد بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.
- بەکارهێنانی ستراتیژی نوێ جەخت لەسەر ڕەخساندنی ژینگەی پۆلی گونجاوی بونیادنراو لەسەر بنەمای ئازادی گوزارشتکردن و خستنەڕووی دید و بۆچوون و گفتوگۆی بە کۆمەڵ دەکات، هەروەها یارمەتی زیادبوونی کاریگەری وانەوتنەوە و بەرزکردنی ئاستی پاڵنەری لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەدات.

**پێنجەم: ڕاسپاردەکان:**

- ئاراستەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژی خویندکار بوونی مەعریفی.
- گرنگیدان بە ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ، کە دەیەوێت گەشە بە توانای ئەقڵی لای خوێندکاران بدات.

- دانـانی خـولی ڕاهێنـان بـۆ مامۆسـتایانی زمـانی کـوردی بـۆ خسـتنەڕووی چوونیـەتی جێبەجێکردنی ستراتیژی خوێندکار بوونی مەعریفی لە هەڵوێستەکانی فێرکردن.

**شەشەم: پێشنیارەکان:**

- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێسـتا، بـۆ زانینـی کاریگـەری سـتراتیژی خویندکار بوونی مـەعریفی لـە گـۆڕاوی دیکـە، وەك (بەدەسـتهێنانی چـەمك و بیرکردنـەوەی ڕەخنەیی).
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێسـتا بـۆ زانینـی کاریگـەری سـتراتیژی خویندکار بوونی مەعریفی لە پاڵنەری و ئاراستە ڕووە و بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا بۆ هەردوو ڕەگەز.

**سەرچاوەکان:**

**<u>سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:</u>**

- **ئەلکیلابی, سەبا عیسا(٢٠٢٢) کاریگەری ستراتیژیەتی ڕافت (RAFT )لە سەردەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی( نامەی ماستر بڵاو نەکراوە) زانکۆی بەغداد/کۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشد, عیراق.**
- **زەرگووشی, عەلا حەبیب لەتیف (٢٠٢٢) گرفتەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە( نامەی ماستر بڵاو نەکراوە) زانکۆی بەغداد/کۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشد, عیراق.**

**<u>سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:</u>**

- أبو جادو، صالح ( ٢٠٠٠)**علم النفس التربوي**، ط ٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
- أبو صالح، محمد صبحي وآخرون (2000 )**القياس والتقويم**، الطبعة الاولى ،مطابع الكتاب المدرسي.
- أبو فلجة غياث (١٩٩٦)المنهج التجريبي في التعلم"، **مجلة التربية القطرية**،العدد (١١٦) السنة (٥) .
- ابوشعيرة،خالد واخرون(2007) **التربية الاسس التحديات**،ط1،مكتبة المجتمع العربي للنشر.
- ابوهدره ،سوزان محمود، (2008 ) اثر اسلوب تدريسي قائم على التلمذة المعرفية في تدريس العلوم لطلبة الصف الخامس الاساسي في تنمية القدرة على حل المشكلات لديهم، الجامعة الاردنية ،عمان، الاردن" **اطروحة دكتوراه غير منشورة**".
- **احمد ,مهاباد عبد الكريم (2021).اثر استراتيجية رافت في تحصيل طالبات الصف الرابع الادبي في مادة قواعد اللغة الكردية وميولهن نحو المادة , مجلة كلية التربية ,ع 42 , جامعة واسط , ( 437 -502)**

- أحمد ، حنان ناجي (٢٠١٤): **التلمذة المعرفية** ، بحث، مستل ، جامعة طنطا كلية التربية تخطيط وتطوير المناهج .
- احمد، حنان ناجي (٢٠١٤) **التلمذة المعرفية**، بحث مستل، جامعة طنطا، كلية التربية ، تخطيط وتطوير المناهج, القاهرة.
- **احمد، مهاباد عبد الكريم (2002).بناء برنامج لعلاج الضعف القرائي لدى طلبة الصف الرابع الاعدادي من غير الناطقين باللغة الكردية في القراءة الجهرية.(أطروحة دكتوراه غير منشوره) كلية التربية ابن رشد, جامعة بغداد, العراق.**
- البجة، عبد الفتاح حسن (٢٠٠٠) **أصول تدريس العربية بين النظرية والممارسة**، ط1، دار الفكر.
- جامل ، عبد الرحمن عبد السلام (2002) **طرق التدريس العامة ومهارات تنفيذ تخطيط عملية التدريس** ، الطبعة الثانية ، دار المناهج للتوزيع.
- جبر، وهيب وجيه (٢٠٠٧) أثر استخدام الحاسوب في تحصيل طلبة الصف السابق في الرياضيات واتجاهات معلميهم نحو استخدامه كوسيلة تعليمية ، جامعة النجاح كلية الدراسات العليا فلسطين **رسالة ماجستير غير منشورة** " .
- الحمداني، موفق واخرون(2006):**مناهج البحث العلمي**،ط1،مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع.
- الحيلة ،محمد محمود (٢٠٠٢):**مهارات التدريس الصفي** ،دار الميسرة ،للنشر والتوزيع.
- خليل, صباح جليل,(2015)أثر استراتيجية التعلم التعاوني في مادة القواعد لدى طلبة قسم اللغة الكردية, **مجلة الأستاذ, كلية التربية ابن رؤشد للعلوم الانسانية, العدد(214),ص 263-288.**
- السعدي، ساهرة عباس قنبر: **(2004)مهارات التدريس والتدريب عليها(نماذج تدريبية على المهارات )**، الطبعة الاولى ، مؤسسة الورق للنشر والتوزيع .
- عبد الرحمن، أنور حسين, وفلاح محمد حسن الصافي (2005 ) **مناهج البحث بين النظرية والتطبيقية**، دار التأميم للطباعة والنشر .
- **عبيد،كوثر جاسم(2020). أثر استراتيجيتي ورقة الدقيقة الواحدة وجيكسو المطورة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية والتفكير الاستدلالي عند طلبة كلية التربية ابن رشد". مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد (٤)، المجلد(٥٩)، ٢٨٣-٣٠٢**
- **علي، ژيان عبد الكريم (2017).** ***أثر استراتيجية النشاط المباشر للقراءة في الفهم القرائي عند تلامذة الصف الخامس الاساسي.*** **مجلة الاداب ،العدد(1)، المجلد (47).**
- فرج ، صفوت (١٩٨٠ ) **القياس النفسي** ، القاهرة، دار الفكر العربي .

▪ ملحم، سامي محمد (٢٠٠٠)**القياس والتقويم في التربية وعلم النفس،** الطبعة الأولى ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، الأردن.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

• **Brill, J., Kim, B., Gailloway, C. (2001) Cognitive apprenticeships as an Instructional model. In M. Orey (Ed.), Emerging perspectives on learning, Teaching, and technology**

•Brown, J. S., Collins, A., & Duguid, P. (1989) **Situated cognition and the culture of learning. Educational Researcher**, Vol. 18, No. 1

• Bloom and thers, B.S.; Hastings, J.T and Mmadaus G.F. **Hand BookFormative and Summative Evaluation of Student Learning,** New York : Me Graw - Hill 1971

• Johnson, S. and Fischbach, R. (1992). "Teaching Problem Solving and Technical Mathematics through Cognitive Apprenticeship at the Community College Level". National Center for Research in Vocational Education. Berkeley: University of California